# شەوێک بەسەر تۆدا دەرژێم



**ئیدریس عەلی**
edrisali1972@yahoo.co

چونکە دێت‌و
گوڵدانی دڵم پڕ دەکات لەتۆوی باران،
چونکە بەحەوت پشت
لەنازانم کوێی عیشقەوە
دەگاتەوە بەنازانم کوێی شنەو
بەر لە هەڵوەرینی گوڵە یاسەکانم دەگرێت،
شەوێک لەنوکی پێمەوە هەڵدەکات
تا تەوقی سەرم
چی گۆرانیە پیرۆزەکانی تەنیاییو
شیعرە موقەدەسەکانی نامۆیم هەیە
بەماچێک هەپرون دەکات
ئەو شەوانە وادەی فڕینی منە
بەکۆڵانە ساماڵەکانی مناڵی‌و
ئاسمانە بێگەردەکانی گریانا..
شەوی داگیرسانی هەردە پەنجەی دەستی منە
لەنێو شەمعدانی سینەی یاردا
شەوی خۆترنجانی من‌و گوڵە

لەنێو ژورە پڕ لەپەنجەرەکانی ماچدا

شەوی دەست دانە لەدیواری تەڕی قەدەرو

پڕ کردنەوەی ئینجانە خامۆشەکانی بەر پەنجەرەیە

لەفرمێسکو

نەرمە نیگاو

ناسکە شیعر،

شەوی روتبوونەوەی میوەکانی هەستە

لەبەردەم غەریزەی میوانە پۆشتەکاندا

شەوی راکردنی پێکەنینە بەرزەکانی هەستە

بەدوای نوکتەکانی باراندا و

هەڵکەندنی چاڵێکی قوڵ لەسەرابداو

شاردنەوەی قسە نەگوتراوەکاتنی ئارەزوو.

شەوی بزرکردنی دیووە رووناکەکەی مانگە

لەئاوێنە سەختەکانی ژیاندا

چونکە دەمزانی دێتو کوردانە دەمکوژێت

وەك کوشتنی ئەو ژنە تریفەییانەی

لەئێوارانی ژێر باراندا

فەرمویان لەخەمی یەکتر دەکردوو

شەوانەش لەماڵی گلەییە رۆشنەکاندا

خۆیان لەدڵڕەقی پیاوە مەستەکان هەڵدەسوون..

چونکە دەمزانی لەشەوێکدا زەنگی دەرگاکە لێدەدات

شەوی بەیەك گەیشتنی پەروانەو چرایە

لەژورێکی تاوگرتودا بەشیعر

شەوی گوێگرتنە لەهاژەی لە بێدەنگیو

سەیر کردنی دوو چاوی ئاوس بەبێڕنگی،

شەوی دووبارە هەڵدانەوەی ئەلبومەکانی پایزو

دیتنەوەی وێنە زەردەکانی رابردوو

ئەو وێنانەی قەول بوو تیایاندا کاڵ نەبینەوە

قەول بوو تیایاندا پیر نەبین

قەول بوو تیایاندا دایکمان

بۆنی ڕێحانەی تەڕ لەسنگیان بێت

نەوەک برین

قەول بوو تیایاندا باران عاشقانە ببارێت

( با) تیایاندا شاعیرانە هەڵبکات،

قەول بوو لەپشت هەر وێنەیەکیان

ئیمزایەک بەخەتی کۆتر بکەین‌و

لەسەریان بنووسین

پێشکەشە بەتۆ ئەی دۆزەخ.

چونکە ئەو شەوە شەوی تەعاروف کردنی من‌و یاربوو

لەگەڵ گۆرانییەکی هێمندا

شەوی کەفچڕینی ئاوازێک بوو

لەتەنیشت کەمانێکی خامۆشدا،

شەوی تەوقە کردنی زاهیدێک بوو

لەگەڵ دەستێکی ئالاو لەپەرداخێک مەی

شەوی دانیشتنی دوو مناڵی بێزاربوو

لەسەربانی بەرزی شەرمەوە

کاتێ سەیری تاریکو ڕوونی ئەستێرەکان دەکەن

شەوی کرانەوەی خەیاڵ

بەڕوی ڕەوە بەعیشوەکانی خەونداو

تام کردنی زاری ترشی تاریکی..

شەوی تەنیایی درەختێکە

کە لەسێبەرەکەی نووسیوە

بۆکرێ

مانگی بەبارانێک جریوە!

**چونکە دەمزانی شەوێک دێت**

**نیوەی دڵم مردووە!**